

# دنیای منداڵان

١٠

پاشکۆی

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٣٦٣، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٢( ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٣)


## لەساڵی نوی دا دەبێ چۆن بین؟

پەپوولە بێگەردەکان!

هەروەک بۆخۆشتان دەزانن ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بە هەموو خۆشیو ناخۆشی‌یەکانی‌یەوە تەواو بوو. ڕەنگە زۆربەی ئێوەش وەکوو زۆربەی گەورەکان بیر لە ساڵی ڕابردوو بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە ساڵێکتان چۆن تێپەڕ کرد، تا کوێ توانیوتانە سەرکەوتن بە دەست بێنن یا بۆ سەرنەکەوتوون. چەندەتان ئەزموون کۆکردۆتەوە، چەندە فێر بوون یا بە داخن بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی کاتەکانتان بە فیڕۆ داوە.

خۆشەویستان! دڵنیا بن ئەگەر ئێوە بەو جۆرە چاو لە ڕابردوو بکەن‌و لە ئەزموونەکانتان کەڵک وەرگرن بێ‌شک سەرکەوتووتر دەبن.

بێگومان کاتەکان بە خێرایی تێدەپەڕن. هەر ئێستا کە ژمارەی ١٠ی "دنیای منداڵان" واتە یەکەم ژمارەی ساڵی نوێتان بە دەست گەیشتوە، لە تەمەنی ساڵی تازەش کە دەبێتە ساڵی ١٣٨٢ هەتاوی مانگێک کەم بۆتەوە. بەڵام ئازیزان لەبەر ئەوەی ساڵی داهاتوو بۆ ئەمساڵ پەشیمان نەبینەوەو نەڵێین نەمانتوانی کەلکی پێویست لە کاتەکانمان وەرگرین، دەبێ هەر لە سەرەتای ساڵەوە لە بیری دارشتنی بەرنامەیەکی ڕێکو پێک دابین، بە باشترین شێوە کەڵک لە کاتەکان وەرگرین‌و هەوڵ بدەین کەمتر کاتەکانمان بە فیڕۆ بدەین.

خاڵێکی دیکە کە زۆر پێویستە هەر ئێستا بە یەکەوە باسی لە سەر بکەین، پاراستنی ژینگەو سروشتە.

خۆشەویستان!

هەروەک دەبینن بەهار هاتوەو لەگەڵ خۆی‌دا دنیایەکی جوانی بۆ هێناوین. چاو لێکەن، سروشت چۆن ئاڵۆ واڵی پۆشیوەو بووکانە بە عشیوەو ناز خۆی دەنوێنێ. چاو لە هەر لایەک دەکەی بە شێوەیەکی دڵڕفێن ڕازاوەتەوە. لەو کاتانەدا جوانی‌یەکانی سروشت دەبنە هۆی ئەوە کە حەزی سەیران‌و چوونە دەشتو دەر بمانگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە دەچینە دەشتو دەرو چێژ لەو هەموو جوانی‌یە وەردەگرین. هەرگیز نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە چیمەنەکان هەڵنەقەنین، گوڵەکان‌و لقوپۆپی دارەکان نەشکێنین. ئەگەر لەگەڵ خۆمان خواردەمەنی دەبەینە دەر، دوای ئەوە کەلکمان لێوەرگرتن پاشماوەکانیان‌و هەر شتێکی دیکە لەوێ فڕێ نەدەین‌و سروشتی جوانیان پێ پیس نەکەین، بەڵکوو لە شوێنێک کۆیان کەینەوە یا لە کیسەیەکیان بکەین‌و ژێر خاکیان بکەین. بۆ ئەوەی ژینگەکەمان خاوێن بێ‌و سروشت هەروا بە جوانی بمێنێتەوە. ئەرکی هەموومانە کە بە باشترین شێوە ئاگامان لێی بێ‌و پاکو خاوێن بیپارێزین. لە کۆتایی‌دا خۆشەویستەکان، تکاتان لێ دەکەین ئەگەر لە ئەوەڵ ڕۆژی ساڵەوە ئەو کارانەتان نەکردوە هەر لە ئێستاوە دەست بە کار بن‌و ئەو دوو خاڵەتان هەرگیز لە بیر نەچێتەوە:



١ . بۆ ئەوەی ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتنمان هەبێ دانانی بەرنامەیەکی ڕێکو پێک بۆ کارەکانی ڕۆژانەمان پێویستە.

٢ . بۆ ئەوەی ژینگەیەکی خاوێنمان هەبێ، دەبێ بە باشترین شێوە بیپارێزین.

---

## چیای ئاگری



**منداڵە خۆشەویستەکان! بە دڵنیایی‌یەوە زۆرتان ناوی "ئاگری"تان بیستوە، هەر بۆیە ویستمان ئەو ناوەتان پێی بناسێنین.**

"ئاگری" ناوی کێوێکە کە لەسەر سنووری سێ وڵاتی ئێران، تورکیەو ئەرمەنستان هەڵکەوتوەو لە ڕاستی‌دا سێ‌گۆشەی سنووری پێک هێناوەو هەمیشە لوتکەی ئەم کێوە پڕە لە بەفر.

چیای ئاگری بەرزترین کێوی کوردستانەو بەرزترین لوتکەی زنجیرە چیای زاگرۆسە. بەرزایی لوتکەی ئاگری داغی گەورە ٥١٥٦ میترو بەرزایی لوتکەی ئاگری داغی چووک ٣٩١٦ میترە.

چیای "ئاگری" بە چەندین ناو دەناسرێ. بە فارسی "آرارات"ی پێ دەڵێن، بە تورکی "آغری"و بە پێی هێندێک بۆچوونی زەردەشتی‌یەکان بە چیای نووح بە ناوبانگە، چونکە زەردەشتی‌یەکان پێیان وایە کە کەشتیی نووح لە سەر ئەو کێوە نیشتوە.

چیای ئاگری پاڵپشتی‌شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی کورد بووەو شۆڕشی ساڵەکانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ بە ڕێبەریی ئیحسان نووری پاشا بە ناوی "ڕشی ئاگری" بە ناوبانگە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەشتی کەڵەشێرە سوورو تولەقەشان

وەرزی بەهار دەشتو دەری خەملاندبوو. کەڵەشێرە سوورو تۆڵەقەشان بە نیازی گەشتو سەیران روو لە چۆڵو، پشت لە ئاوەدانی بەرەو لێڕەوار وەڕێ کەوتن. دیمەنی سروشت هێندە دلگرو سەرنجڕاکێش بوو هۆشیان لێ براو، کاتێك وەخۆ هاتنەوە خۆر لە کەلەپۆ ئاوا ببوو. بەرەبەرە تاریکی داهاتو ڕێگایان بزر کرد. شەکەتو ماندوو گەیشتنە بن پیرە دارێك. کەڵەشێرە سوور خۆی بۆ سەر ترۆپکی هەڵداو تۆڵەقەشانیش لە بن قەدی دارێك جێی لێ خۆش کردو پاڵ کەوت.

کازوکووزی بەیانی کەڵەشێر بە پیشەی هەمیشەیی لە بانگی داو پڕ بە گەرووی قووڕاندی. مام ڕێویی شەوگەڕ کە گوێی لە دەنگی کەڵەشێر بوو، هیوا لە دڵیدا سەوز بوو کە لەم چۆڵیو بیابانە خوا نێچیرێکی باشی بۆ گەیاندوە. بە هەڵەداوان دای قەڵاشتە خوارێ، لە بن پیرەدار ڕاوەستاو بڕێك ڕاما. کەڵەشێری بەدی کردو گوتی:

ـ مامۆستا گیان، بانگت فەرموو، وەرە خوارێ با نوێژەکەمان بە جەماعەت دابەستین.

کەڵەشێر کە زانیی مام ڕێوی ددانی لێ تیژ کردوە، نەرمو لە سەرەخۆ گوتی:

ـ زۆر باشە، هاوڕێکەشم لە بن قەدی دارەکەیە، وەخەبەری بێنەو منیش ئەوا دێمە خزمەتت.

مام ڕێوی بەتەمای ئەوە کە فریشتەی بەختی لە خەو هەستاوەو کەڵەشێرێکی دیکەشی لە داو کەوتوە، پەلاماری بردە بن قەدی دارەکە. بەڵام کاتێك چاوی بە تۆڵەقەشان کەوت، بەندی جەرگو دڵانی پساو لەرزە وەئەندامی کەوت. پاشەوپاش فیزماڵکی دایەو سەر بەرەوخوار قووچاندی. کەڵەشێر کە دیتی مام ڕێوی لە هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دایە، بانگی کردو گوتی:

ـ مام حاجی، بۆ کوێ دەچی وەرە با جەماعەتەکەمان بکەین.

ڕێوی کە خواخوای بوو تولە وەخەبەر نەیە، بەدەم هەڵاتنەوە گوتی:

ـ مامۆستا گیان، ئەمن دەست نوێژەکەم شکا، ئێوە نوێژی خۆتان بە جەماعەت بکەن!

بەڵام تولەقەشان مەودای پێ نەدا، گۆڕمشتی بەستیو بینەقاقەی گرتو گۆشتی بە گۆڕێ وەرکرد.

بەم جۆرە ڕێویی فێڵباز کە بە هیوای نێچیر بوو، بۆ خۆی بوو بە نێچیرو عەمری درێژی بۆ کەڵەشێرە سوورو تولەقەشان بەجێ هێشت.



دیاریی: کاك ئەحمەدی قادری

# ئاکامی یەکەم پێشبڕکێی "دنیای منداڵان"

خۆشەویستانی "دنیای منداڵان"!

بەدوای بڵاوبوونەوەی یەکەم پێشبڕکێی "دنیای منداڵان"دا تا دوایین مۆڵەت، ١٦٣ وەڵامان بۆ هاتەوە. لەوانە ٥٨ کەسیان وەڵامەکانیان بە دروستی ناردبۆوەو ٧٨ کەسیشیان بەداخەوە نەیانتوانیبوو هەموو وەڵامەکان بە دروستی بنێرنەوە.

پاشان بە بەشداریی ژمارەیەك لە منداڵان ڕیوڕەسمی پشك هاویشتن بەڕێوە چووو لە ئاکامدا ئەو ئازیزانە توانیان خەڵاتی "دنیای منداڵان" وەدەست بێنن:

**١ـ شۆڕش رانسووری ٢ـ مۆژدە عەزیزی ٣ـ هانا رەحمانی ٤ـ زانیار کوردستانی ٥ـ ئاشتی ئەحمەدپوور ٦ـ سرووش عەبدوڵلاپوور ٧ـ مەریوان ئەشکوو ٨ـ لەزن رەحمانی ٩ـ چنار بەهرامی ١٠ـ ئاویەر شێخی.**

ناوی سەرجەمی ئەو خۆشەویستانەی کە وا وەڵامی "یەکەم پێشبڕکێی دنیای منداڵان"یان بە دروستی دابۆوە، لە خوارەوەدا هاتوە:

ئیبراهیم مینایی، ئەژین خۆشکەلام، گیارەنگ سەداقەت، سرووش عەبدوڵلاپوور، ئەوین بەهرامی، مێهدی مەحموودزادە، ئارمان حەسەنپوور، هانا رەحمانی، هەژیر قادری، هانا ناسری، سارێژ حەکیمزادە، سۆما حەکیمزادە، ئەوین ئەقشین، رامیار ئەحمەدی، ئاشتی ئەحمەدپوور، ترووسکە ئەحمەدپوور، ئاسکە عوسمانی، دانا عوسمانی، ئاگری مستەفایی، ئاشتی مستەفایی، پەیوەند رەمەزانی، چنار بەهرامی، بێساران عەلیڕەمایی، لەزن رەحمانی، دەربەند رەحمانی، تاڤان عەلیرەمایی، ئارش کوێك، ڕێژین شەفیعی، پشتیوان رەزایی، زاگرۆس مینبەری، بەهمەن ئەحمەدپوور، هەژیر مەنگوڕی، هانا مەنگوڕی، محەممەد رەسووڵی، شەهاب سادقپوور، زانیار کوردستانی، ڕێباز رەسووڵی، ڕێباز ڕەمانی، ئاکام نستانی، گیابەند نستانی، ئەوار عەزیزی، مۆژدە عەزیزی، بەیان چووکەڵی، ئارارات رەحیمی، ڕێباز فەللاحی، دلارا قادری، هەرێم رانسووری، شۆڕش رانسووری، ئەژین شێخی، ئاویەر شێخی، سەرکەوت بێتووشی، بەیان پیرانی، کوردۆ وەنەوشە، شەنگار هاشمی، زانیار مرادی، مەریوان ئەشکوو، دڵشاد سدقیو زانا سەیفووری.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

## باوکی نەخۆش

ڕۆژێکیان کابرایەك نەخۆش دەبێ، کوڕەکەی بانگ دەکاو دەڵێ کوڕم ئەمن زۆر نەخۆشمو ناتوانم بچم بۆ لای دوکتور، تۆ بەجێی من بچۆو پێی بڵێ دوکتور گیان باوکم زۆر هیلاکە، سەری وەکوو شووتی بای کردوە، چاوی وەکوو تەماتە سوور بوون، قاچی وەکوو باینجان شین هەڵگەڕاوە، بزانە دەوای دەردم چیە؟

کوڕەکە دەڵێ باوکە گیان! من ئەو هەموو قسەیەم لەبیر نامێنێ. دەچم دەڵێم دوکتور باوکم بووە بە بێستان.

دیاریی: ژاڵە قادری

## من نایەمەوە

ژنو مێردێك سەر لە بەیانییەك لێیان دەبێتە کێشەو هەرا. لای نیوەڕۆ مێردەکە لە شوێنی کارەکەیدا تەلەفوونی بۆ ژنەکەی کردو گوتی: ئەرێ خێزانە خۆشەویستەکەم بۆ نەهار چت لێ ناوە؟

ژنەکەش بە تووڕەییەوە دەڵێ: قولزەڵقۆرتو ژەهری مارم لێ ناوە.

کابراش لە سەرخۆ دەڵێ: نۆشی گیانت بێ، لەسەر من رامەوەستەو بۆ خۆت بیخۆ. من بۆ نەهار بانگهێشت کراوم.

دیاریی: کامیار حەسەنپوور

## بەڕێوەچوونی پێشبڕکێی گۆڵی بچووک

ڕۆژی یەکشەمە ١٠ی خاکەلێوە منداڵانی کەمپی "ئاوەندی ١ی کوردستان" پێشبڕکێیەکی گۆڵی بچووکیان لە نێوان ٤ تیمدا بەڕێوە برد.

تیمەکانی بەشدار لەو پێشبڕکێیەدا بریتیبوون لە: ١ـ تیمی سنە (شۆڕش ڕانسووری، پێشەوا ڕەزایی)، ٢ـ تیمی مەریوان (هەرێم ڕانسووری، شەماڵ مینبەری)، ٣ـ تیمی تروسکە (ئارەش کویك، سەربەست پێتووشی)، ٤ـ تیمی هەوار (زاگرۆس مینبەری، شادمان مینبەری).

لە ئاکامی یارییەکاندا تیمی سنەو تیمی مەریوان پلەی یەکەمو دووهەمیان وەدەست هێنا.

## مەتەڵ بۆ منداڵان

١ـ دەست لە چاوی دەنێی، گوێی قوت دەکات.

٢ـ کراسی دوورواو دەرزی نەدیوە، باراشی لێکراو ئاشی نەدیوە، داری تاشراو ڕەندەی نەدیوە.

٣ـ هەیانەو نیانە بە دوو ماڵان کاریتەیەك.

دیاریی: هانا وریا

## وەڵامی مەتەڵەکانی ژمارە ٩

١ـ گوللە، ٢ـ سیکەتۆرە، ٣ـ گیانلەبەری ئاوس، ٤ـ جگەرە

ئەو ئازیزانەش وەڵامی مەتەڵەکانی ژمارە ٩ی "دنیای منداڵان"یان بە دروستی بۆ ناردبوویینەوە:

١ـ شەهاب سادقپوور، ٢ـ بەیان چووکەڵی، ٣ـ محەممەد عەبدوڵڵا کەریم

هەموو وێنەکان ڕەنگ بکەو دواجار خەت بکێشە بەسەر ئەو پیتانەی کە وشەی هەرکام لەوێنەکان پێك دێنن. وەك ئەو نموونەیەی دیاری کراوە. لە کۆتاییدا ئەو پیتانە دەمێننەوە کە وشە نهێنییەکە پێك دێنن.



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | ە | ر | خ | ق |
| | م | ۆ | م | ە |
| ~~ب~~ | ~~ۆ~~ | ~~ق~~ | | ڵ |
| | و | ر | چ | ە |
| چ | ە | ت | ر | م |

وشەی نهێنی


**ئازیزەکان! نەققاشییەکەتان لەسەر کاغەزی سپیی بێخەت بکێشنەوەو بە ڕەنگ کراوی بۆمانی بنێرن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نەققاشی یەکانتان لە "دنیای منداڵان"دا



باخان ساڵحی



سویلا شەریف زادە



زانا سیفوری



هانا وریا




ئاریاکۆ رەحیمی



بێساران عەلی ڕەمای




ژیار هاشمی




رامان محەممەد حسێن



خاوەن قادرزادە



رێژین شەفیعی




پەرەنگ حسێنی




ئاسۆ نوورانی



نەمام خوسرەوی



شادی ئەحمەدپوور



گوڵ جیهان سۆفی زادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێلانەکەی کانی

"کانی" لە پشت پەنجەرەوە چاوی لەنێو باخ دەکرد. هەموو باڵندەکان خەریکی هێلانە دروست کردنن.

چاولێکە دایە، ئەو چۆلەکەیە پەڕە مریشکێکی پێیەو ئەوی دیکەش پەڕەکایەك، دەیانهەوێ هێلانە دروست کەن. وایە دایە گیان؟

دایکی گوتی: دروستە کانی گیان، ئێستا کە وەرزی بەهارە کاتی ئەوە هاتوە چۆلەکەکان هێلانەیەك دروست کەن‌و هێلکەی تێدا بکەن‌و جورجکە هەڵێنن.

کانی لە دایکی پرسی: دایە گیان! چۆلەکەکان دەستیان نیە، ئەی چۆن دەتوانن هێلانە دروست بکەن؟ ئەوان لە پێیەکانیان کەڵك وەردەگرن؟

دایکی گوتی: نا رۆڵە گیان، لە دەنووکیان کەڵك وەردەگرن، تەنانەت زۆر کاری دیکەشی پێدەکەن. بەڵام کانی گیان! چۆلەکەکان چەند رۆژیان پێدەچێ تا هێلانەیەك دروست کەن، کەس نابێ لێیان تێك بدا، چونکە کارێکی زۆر ناحەزە.

کانی گوتی: من لە جیاتی دەنووکێك دوو دەستم هەیە کەوابوو دەتوانم هێلانەیەکی زۆر جوان دروست بکەم، دایەگیان بۆ دروست کردنی هێلانەیەك چ شتێك پێویستە؟

دایکی وەڵامی داوە کە پێویستی بە چڕو چیلکەو گیاو گژی نەرم‌و شتی لەو بابەتە هەیە.

کانی بڕیاری دا هێلانەیەك دروست بکاو لە نێوەڕاستی پەرژینی باخ داینێ، تا هەر چۆلەکەیەك پێویستی بە هێلانە بوو



کەڵکی لێ وەرگرێ.

کانی چووە نێو باخ‌و بە رادەی پێویست چیلکەو چاڵی کۆ کردەوە، بەڵام لە کاتی دروست کردنی هێلانەکەدا تێگەیشت کە ئەو کارە زۆر سەخت ترە لەوەی کە بیری لێ دەکردەوە. هەر بۆیەش تێگەیشت کە بۆ دروست کردنی هێلانەی چۆلەکەیەك، دەنووکێك لە دوو دەستی مرۆڤ باشترە.

کانی هێلانەکەی دروست کرد، پاشان لە دایکی پرسی کە چۆن دەتوانێ نێوەکەی قووڵ بکا. دایکی گوتی چۆلەکەکان دەچنە نێوی هەڵدەنیشن‌و خۆی تێدا دەسووڕێنن‌و دەوری خۆیان بە گژو گیا هەڵدەچنن.

کانی، دەستە خڕین‌و چووکەکانی کردە مشت‌و لەنێو هێلانەکەدا هێندێکی سووڕاند تاکوو توانی قووڵی بکا، لەپڕ هاواری کرد: دایە، دایە وردە وردە دەبێتە هێلانە چۆلەکەیەکی ڕاستی.

دایکی گوتی: زۆر جوانە کانی گیان. باشت دروست کردوە. ئەمجار بیبە ناو پەرژینی باخ داینێ.

کانی، بە ئاواتەوە بوو چۆلەکەکان لەناو هێلانەکەی ئەو دا هێلکە بکەن.

دایە گیان تۆ پێت وایە چۆلەکەکان بچنە ناوی؟

دایکی گوتی: من وا بیر ناکەمەوە چونکە باڵندەکان پێیان خۆشە بۆخۆیان هێلانە بۆخۆیان دروست بکەن.

چەن رۆژێك تێپەڕی، هیچ چۆلەکەیەك نەچووە هێلانەکەی کانی. تەنیا چەند جار لە نزیکی هەڵدەنیشتن‌و چاوێکیان لێ دەکردو بەجێیان دەهێشت.

رۆژێك کانی لەنێو باخ دیتی هێلانەیەکیان تێك داوەو هێلکەکانیشیان شکاندوە. چۆلەکەکانیش نازانن چ بکەن، هەر جریوە جریویانەو دێن‌و دەچن. بە پەلە هاتەوە دایکی ئاگادار کردەوەو لەگەڵ خۆیدا بردی تا چاوی پێبکەوێ. دایکی گوتی: لە مرۆڤ نایەتەوە کاری وا ناحەزی کردبێ رەنگە کاری مشك‌و مارو شتی وابێ.

کانی زۆریان بۆ نیگەران بوو. لە چاوە جوان‌و گەشەکانی چەند دڵۆپە فرمێسکێك هەڵوەرین. چەند رۆژێك تێپەڕی‌و کانی هەموو رۆژێ سەری هێلانەکەی خۆی دەدا، زۆری پێناخۆش بوو کە چۆلەکەکان لە هێلانەکەی ئەو کەڵك وەرناگرن. هەتا رۆژێکیان شتێکی سەیری بینی. چۆلەکەکان خەریکی تێك دانی هێلانەکەی ئەو بوون. کانی زۆری پێناخۆش بوو. بە پەلە بە دوای دایکی داچوو. کاتێك دایکی ئەو کارەی چۆلەکەکانی چاو پێکەوت بەپێکەنینەوە رووی لە کانی کردو گوتی: دەزانی بۆ هێلانەکەی تۆ تێك دەدەن؟ تاکوو لە چڕو چیلکەکەی بۆ دروست کردنی هێلانەیەکی دیکە کەڵك وەربگرن. ئاخر بۆخۆیان باشتر دەتوانن هێلانە بۆ خۆیان ساز بکەن. کانی زۆری پێخۆش بوو. لە جێگەی خۆی دانیشت‌و تا خەوی لێکەوت هەر چاوی لێ کردن. ئەوانیش هێلانەیەکی نوێیان دروست کردو ژیانێکی نوێیان دەست پێکرد.

منداڵەکان! هەرگیز هێلانەی چۆلەکەکان تێك مەدەن. لە بیرتان نەچێ!

ئارا

# شەڕی چۆلەکەکان

لە سەر لقی دارێك پێنج چۆلەکە بە شەڕ هاتن. چۆلەکەی یەکەم وتی: من خاوەنی جوانترین دەنگم. چۆلەکەی دووەم وەڵامی دایەوە: نەخێر دەنگی من خۆشترە. چۆلەکەی سێهیەم دەنگی بەرز کردەوەو گوتی: دەنگی من لە هەردووکتان زوڵاڵترە. . .

چۆلەکەی چوارەم تووڕە بووو وتی: ئەوە دەنگە خۆشەکەی منتان لە بیر چۆتەوە؟

چۆلەکەی پیێنجەم هاتە نێو قسان‌و وتی:

هیچتان دەنگتان ناگاتە دەنگی من. لەم کاتەدا کە چۆلەکەکان بە تووڕەیی‌و ڕقەوە لە یەکتریان دەڕوانی، قەلەڕەشی ئاقڵ‌و زیرەك شەڕەکەی نێوانیانی کپ کردو وتی:

هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئێوەو دەنگتاندا نیە. سەیری خۆتان بکەن ئێوە لە سەر لقی یەك دار دانیشتوون، پێویستە بە یەك دەنگ گۆرانی بۆ دارەکە بڵێن . . .

ئەگەر ئێوە ئەو شەڕە دنلوکەیە تەواو نەکەن، دارەکە هەمووتان دەخاتە خوارەوەو چیتر میوانداریتان ناکات.

چۆلەکەکان بێدەنگ بوون‌و هەموویان سەیری بەخشندەیی دارەکەیان دەکرد . . .

ئەمجار پێکەوە دەستیان کرد بە گۆرانی وتن.



دیاریی: ئاگری نەقشبەندی
(لە هەولێرەوە)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## منداڵێکی دڵپاکم

منداڵێکی دڵپاکم
دەرس خوێن و چالاکم
قوتابخانەم لا جوانە
هەروەکوو نیشتمانە
ئەڕۆم دەرس دەخوێنم
هیچ کات سستی نانوێنم
قوتابخانەم راست دەکا
میللەت بەرەو پێش دەبا
قوتابیم، دەرس دەخوێنم،
ئازادی بە دەست دێنم
وانەی جوان جوان فێر دەبم
بۆ گەلی خۆم زێڕ دەبم

عادڵ تەنیا رۆمادی

## من و دار بەڕوو

دار بەڕوو توندوتۆڵە
ڕەگی لە ناخی خۆڵە
نە ڕەشەبا و نە شەختە
نە لافاوی ناوەختە
نە بوومە لەرزەی سامناك
ڕەگی دەر ناخا لە خاك
منیش رۆڵەی ئەم خاکەم
فێری کرداری چاکەم
هەتا ماوم دڵسۆزم
بۆ نیشتمان و هۆزم
هەروەك باوو باپیرم
ئا بەم خاکەوە گیرم

دیاریی: شەهاب سادقپوور
سەرچاوە: جوانترین دێ

## دایك

منداڵێکم هەشت ساڵە — بێ دایك ژیانم تاڵە
دایکی خۆم زۆر خۆش دەوێ — بێ ئەو من نانووم شەوێ
هەرچیم هەیە لە دونیا — بۆ دایکم دەوێ تەنیا
کاتێ کە من دەکەم یاو — چاوی پڕ دەبێ لە ئاو
کاتێ کە من دڵشادم — وەکو کۆتر ئازادم
لەگەڵما دەکا یاری — مەنعم دەکا لە هاری
شەوان لە نێو بەرگی خەو — بۆمن دەڵێ چیرۆك ئەو
بەیان هەڵم دەستێنێ — نان و چاییم بۆ دێنێ
بەڕێم دەکا بۆ مەکتەب — تا فێر بم لەوێ ئەدەب
منداڵیش دەبێ پاك بن — لەگەڵ دایکیانا چاك بن
دڵی دایکیان نەشکێنن — ئارەزووی بە جێ بێنن

شەریف فەللاح

## قوتابی

دەرس دەخوێنم، کەم دەکەم کایە — زوو وەدەست بێنم بەرهەمو مایە
باوکم پێی گوتم بخوێنی باشە — ئەگەر نەخوێنی ژینت بەلاشە
مەکتەب کە جێگای عیلمو زانستە — بۆ منالی کورد گەلێك پێویستە
ئێستا منداڵم تەمەنم کەمە — دەخۆمو دەنووم یا دەکەم گەمە
کە بوومە شەش ساڵ دەبمە قوتابی — هاوڕێی مەکتەبو دەرسو کتابی

دیاریی: ئەوین بامرادی

## خوزگە

دایە دایە بەم چەشنە
هەموو ساڵێ هەر جەژنە
منداڵەو خۆی گۆڕیوە
ئاڵاو واڵای پۆشیوە
وەکو گوڵی دەشتو کێو
بزەی کەوتۆتە سەر لێو
پۆل پۆلو دەستە دەستە
هەر دەستەو لە ناو دەستە
جەژن جەژنانەی خۆشی
لادێو شاری داپۆشی
شەپۆلی خۆشیو شادی
تەوقەو گەردن ئازادی
دیاری هێناوە جەژن
بۆ منالو بۆ مەزن
جەژنم بۆیە پێ خۆشە
هەموو کەس دڵی خۆشە
خۆشەویستی ئەهێنێ
تۆوی ئاشتی ئەچێنێ
خۆزگە تەمەنو ژیان
جەژن ئەبوو دایە گیان

دیاریی: ئەوار ئەبرووزەنی

## کامپیوتەر

کامپیوتەرم کامپیوتەر
دانیشە لام بەرامبەر
دانیشەو لێم بڕوانە
ئیشو کارم چەن جوانە
عەقلێکی گەورەو پڕم
وەك دارستانی چڕم
مرۆڤێکی هەستیارم
هەڵە ناکەم لە کارم
من گەنجینەی زانیاریم
بۆتان مایەی وشیاریم
وەرە بەکارم بێنە
زانیاریم لا دەربێنە

بەرزان ئەحمەد

## گوڵ

گوڵم، گوڵێکی جوانم — سەرتۆپی جوانییەکانم
سروشت دەڕازێنمەوە — بووکی ئەو بەهارانم
پەپوولە خۆشی دەوێم — سەما دەکا لە بانم
مێش هەنگوین لێم دەنیشێ — شیرینە کوڵمەکانم
سرودی بەیانیش شانە — دادێنێ زولفەکانم
مانگ روخسارم بۆ دەشوا — شەونمیش گەڵاکانم
بۆنی خۆشم لە دوور دێ — نەشمیلی حەوشەکانم
منالینە چاو لێکەن — پەپوولە شیرینەکانم
ئاوم دەن با سیس نەبم — مەشکێنن جوانییەکانم
سبەی بووك و زاوانە — منیش تاجی سەرتانم

م. پاییز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مریشکە قوڵەو بەسەرهاتەکەی



مریشکە قوڵەیەك هەبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان توێکڵە پیوازێکی بەشانی‌دا داو گوتی: دەچمە شاری شووکردن. زۆر ڕۆیی کەم ڕۆیی، تووشی گاوانێکی بوو، گاوان گوتی: مریشکە قوڵە بۆ کوێ دەچی؟

مریشکە قوڵە گوتی: مریشکە قوڵەو دەردو سندان

گاوان گوتی: ئەدی بلێم چی؟



گوتی: بلێ:

تەق تەقی کەوشان پۆلی وەنەوشان
چارۆکەی پیوازی بە قەبزو نازی
بۆ کوێ دەچی؟ گاوانیش وای گوت.

گوتی دەچمە شاری شووکردن.

گاوان گوتی: شوو بە من ناکەی؟

مریشکە قوڵە گوتی: بەچیم بەخێو دەکەی؟

گاوان گوتی: بە نانی گاوانی...

گوتی بە چیم لێ دەدەی؟

گوتی: بە گۆچانی. . .

مریشکە قوڵە گوتی نا دەمرم، شووت پێ ناکەم.

دیسان ڕۆیی، تووشی شوانێك بوو. شوان گوتی: مریشکە قوڵە بۆ کوێ دەچی؟

مریشکە قوڵە گوتی: مریشکە قوڵەو دەردو سندان

شوان گوتی ئەدی بلێم چی؟

گوتی: بلێ

تەق تەقی کەوشان پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی بە قەبزو نازی
بۆ کوێ دەچی؟

شوانەش وای گوت، گوتی: دەچمە شاری شووکردن.

شوان گوتی: شوو بە من ناکەی؟

مریشکە قوڵە گوتی: بەچیم بەخێو دەکەی؟

گوتی: بە نانی شوانی. . .

گوتی بەچیم لێ دەدەی؟

گوتی: بە قوڵە گۆچانێ. . .

مریشکە قوڵە گوتی: نا دەمکوژی شووت پێ ناکەم.

دیسان وەڕێ کەوت، تووشی مشکێك بوو. مشك گوتی: مریشکە قوڵە بۆ کوێ دەچی؟

مریشکە قوڵە گوتی: مریشکە قوڵەو دەردو سندان.

گوتی: ئەدی بلێم چی؟

گوتی: بلێ

تەق تەقی کەوشان پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی بە قەبزو نازی
بۆ کوێ دەچی؟

ئەویش وای گوت: گوتی دەچمە شاری شووکردن

گوتی شوو بە من ناکەی؟

مریشکە قوڵە گوتی: بەچیم بەخێو دەکەی؟

گوتی:هەرچی خۆشە بە زاران. . .

گوتی: بەچیم لێ دەدەی؟

گوتی: بەو کلکە قوڵە. . .

مریشکە قوڵە گوتی: شووت پێ دەکەم.

مشك مریشکی بردە ژێرخانی میری. ژیانیان دەست پێ کرد. مریشکە قوڵە مەگێرانی لە دانووی گوڵەگەنمان دەکرد. دانووی لە دیزەی کردو لە تەندووری هاویشت. دانوو دەکوڵی، مریشك چوو سەری لێ بدا، سەری دیزەی هەڵگرت، تێێ کەوتو داپلۆخا.

مشك لە دەرێ کە هاتەوەو زۆری بانگ کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، هاتە سەر تەندوورو دیتی مریشك لە تەندوورێ کەوتوە. دەستی بە گریان کردو گوتی:

مریشکە قوڵەی خڕو جوان
کەوتە دیزەی دانووان
ئەیا حاڵی مێردو نان

ئێمەش دەڵێین: هەموو کارێکی نابەجێ بە دەردی مریشکە قوڵە دەچێ

**دیاریی: هێرش مەحموود**

# منداڵینە ئێوە دەزانن؟

* زارۆکێنۆ هەوون دزانن نها ژی خووشك‌و براو کەس کارێن وەکوو ژ بن زۆرداریێا دوژمنا دا نە نکارن ب زمانێ شرینە کوردی کو زمانێ زکماکی‌یە وانە، بخوێنن‌و بنوویسن.

* بۆ ڤێ کوو دوژمنێ کوردا بکارن ئاخا کوردستانێ‌دا وێران بکن‌و گەلێ کورد نێخسیرو بندەست بکن، جەهد کرنە هەر تشتەکە کورد ژناڤ ببەن‌و نەهێلن کورد ببنە خودانێ ناونیشانێ کوردانەیە خوە.

* هەر لەماتێ ناوێ چەم‌و کانی‌و گوندو باژێڕو چیاو نەوالێ کوردستانێ گوهرینەو نەهێلانە دایك باب ناوێ کوردی لەسەر زارۆکێ خوە دابنێن یان ل قوتابخانادە ناهێلن زارۆك ب زمانێ کوردی دەرسێ بخوێنن‌و کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامێ کوردی قەدەغە کرنەو ناهێلن زارۆك جلو بەرگێ جندی‌یە کوردی ل بەر بکەن‌و ناهێلن کورد ئاهەنگێن خوە یێ نەتەوەیی‌یە وەك سەر سالا نەوڕۆزێ‌و . . . ب ئازادی پیرۆز بکەن . . . نها ژی گەلێك جاران ئەم دەبینین کو ئەگەر زارۆك بۆ یاری‌و سەیرانا دچنە ناوا ڕەزو باغ‌و چیاو نەوالێ کوردستانێ دکەونە سەر مینێ کو دوژمن چاندنەو جانێ وان دکەوە خەتەرێ.

* هەر لەوما حەوجەیە هوون هندی بکارن قەدرێ ڤێ مەجەلا کو نها ل هەرێما ڕزگار بووی‌یە کوردستانێ‌دا بۆ ڤە پێك هاتیە بزانن‌و ژ خواندنا زمانێ شرینە کوردی‌و خوە پێگەهاندن بۆ خزمەتا پاشەڕۆژا گەلێ کورد پاشەڤە نەهێلن.

**دیاریی: بابێ وڵات**

**گەورەکان دەتوانن بە بابەتی پەروەردەیی‌و فێرکاری، یارمەتیی "دنیای منداڵان" بدەن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نانی هەنگوین

سەردەمی زوو لە یەکێك لـە دێـیـەکانی کوردستان ماڵێکی هـەژار بـە چەرمەسـەری ژیانیان دەبردە سەر. ئەو بنەماڵە فـەقیرە بـە هۆی ئەوە کە زەوی‌و زارێکیان نـەبوو، کـاری تێدا بکەن‌و بەرهەمێکی لێوەدەسـت بێنـن، بە ناچاری کاریان لە سەر ملکی ئاغا دەکـرد تـا بـەڵکوو لـە سێ‌بەشـی بەرهەمـەکان بەشێکیان بەرکەوێ. حەمە کوڕی مـاڵێ، دە دوازدە ساڵی تەمەن بوو و تاقانەی ئەو ماڵـە هەژارە بوو. ئەو، کوڕێکی ئازاو تێگەیشـتوو بووو لە هەموو کارێکدا یارمەتیی بابی دەدا. زەوی لـە بـەرد خـاوێن دەکـردەوەو ئـاوی دەداشتو گەنمی دروێنـە دەکـردو زۆرجـاریش مەڵغانی دەکێشا. پاییزێك کە تەنیا بـارێك گەنمیان وەبەر کەوتبوو، دەیان ویست بیبەن بۆ ئاشی‌و گەنمەکە بکەن بـە ئـارد، بـەڵام بـابی



حەمە پیرو بێ‌هێز ببوو، ناچار بە حەمەی گوت کە دەبێ بچـێ بـۆ فـلان گوند بۆ ئاشی. حەمەش لەگەڵ بابی بارە گەنمەکەیان لە کەرێ ناو ئـەوجار دایکی حەمە چوو نانێکی هێنا تا حەمـە ئەگـەر برسی بـوو لـە ڕێیـە بیخوات. حەمە گوتی:

بابە دێیەکە زۆر دوورە بە یەك نان لە برسان دەمرم. بابی حەمـە گوتـی نا ڕۆڵە! لە برسان نامری، ئەو نانەت پێ بێت هەتا نەبێتە هەنگوین مەیخۆ.

حەمە گوتی:


بابە ئەو نانە دەبێتە هەنگوین؟

باوکی گوتی:

بەڵێ ڕۆڵە! ئەگەر سەبرت هەبێ دەبێتێ. حەمە وەڕێ کـەوت. چـەند سەعاتێك ڕۆیی هەتا برسی بوو، دانیشتو چاوی لە نانەکـە کـرد. گوتـی داخوا نانەکەم نەبۆتە هەنگوین. بەڵام نا، نانەکە هـەروەك خـۆی مـابوو، ناچار ملی ڕێگای گرتە بەرو دوو سـەعاتی دیکـەی ڕێگـا پێـوا. گوتـی دەچمە بـن سێبەری ئـەو دارە بـزانم نانەکـەم بۆتـە هـەنگوین. بـەڵام نـا دیسـان هـەروەك خـۆی بـوو. حەمـە ڕێگـای زۆر بـڕی، هەرچـەند ئەولاوئەولای کرد، ئەم سێبەرو ئـەو سێبەری کـرد نانەکـەی نـەدەبوو بـە هەنگوین. حەمە ئیتر لە برسان زۆری بۆهات. بۆیـە بڕیـاریدا بگـات بـەو ڕووبارەی پێـش خـۆی نانەکـە بخـوا. حەمـە گەیشـتە پـەنا ڕووبارەکـەو دانیشـتو نانەکـەی هێنـا دەرێو پارووێەکی لێ‌خـوارد. تـامی نانەکـە ئـەوەندە خـۆش بـوو، دەتگـوت هەنگوینە. ئەمجار حەمە زانـی بـابی مەبەستی ئەوە بووە ئەو نانە ویشـکە خـۆی نـابێ بـە هـەنگوین، بـەڵکوو تامەکەیەتی کـە لـە برسیەتی‌دا لـە هەنگوین خۆشتر دەبـێ. حەمـە لـەم قسەی بابی‌و ئـەم کردەوەیـەی خـۆی ئەزموونێکی باشی وەرگرت.

شۆڕش. خ

## ئـاڵبۆمـی "دنیـای منـداڵان"



هەڤاڵ قازی



ژولیان شەریفی



ئەشکان بەدری




ژیلا مورتەزازادە



هیوا محەممەدگوڵ




سەیران‌و سیاوش شەریفی



محەممەد، سەمیعا، هەڵاڵە ئێران نژاد



ژیلا ڕەحمانی



ئومێد عەسکەری



هومام محەممەدی



سارینا جەوانمەردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org